# دەمانزانی و نەماندەکرد

< کوردي >

عبد السلام محمد پشدەری

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# كنا نعلم ولا نعمل

< كردي >

عبد السلام محمد بشدرى

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

IslamHouse.com

# دەمانزانی و نەماندەکرد

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

ابن القیم ( رەحمەتی خوای لێ بێت ) ئەڵێت : کیژێك بە نەخۆشی طاعون کۆچی دوایی کرد، دواتر باوکی لە خەودا بینی و پێی ووت : ئەی کچی شیرنم باسی ڕۆژی دواییم بۆ بکە هەواڵی چۆنە ؟

کچەکەش ووتی : گەیشتین بە فەرمان وشتێکی زۆر گەورە ومەزن، پێشتر دەمانزانی بەڵام کارمان پێ نەدەکرد، سوێند بێت بەخوا تاکە ( سبحان الله ) کردنێك، یان یەك ڕکات نوێژ کە لە ناو نامەی کردەوەکانمدا زۆر لام خۆشترە لە هەموو دونیا و ئەوەشی تێیدایە .

بەڕاستی ئەو کیژە ووتەیەکی زۆر گەورە و بەنرخ ومەزنی ووت، کاتێك ووتی : پێشتر دەمانزانی بەڵام کارمان پێ نەدەکرد، بەڵام مەخابن زۆرێك لە ئێمە مانا و مەبەستی ئەم ووتەیە نازانێت .

بەڵێ دەمانزانی ئەگەر صەد جار بڵێین ( سبحان الله وبحمده ) ئەوا خوای گەورە لە تەووی گوناهو تاوانەکانمان خۆش دەبێت ئەگەر هێندەی کەفی دەریاکانیش بن، بەڵام مەخابن چەند شەو و ڕۆژ بەسەرماندا تێدەپەڕن و یەکجاریش ئەم ذیکرەی پەروەردگارمان ناکەوێتە یاد .

دەمانزانی دوو ڕکات نوێژی چێشتەنگاو ( صلاة الضحى ) هێندەی 360 خێر و صەدەقە پاداشتی هەیە، بەڵام ڕۆژانێکی زۆر دێن ودەچن بێ ئەوەی ئەم خێرە گەورەیەمان بکەوێتە بیر، و دوو ڕکات لەو نوێژە ئەنجام بدەین ..

دەمانزانی هەر کەسێك یەك ڕۆژی سوننەت لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە بەڕۆژوو بێت، خوای گەورە ڕوومەتی حەوت خەندەق و ماوەی حەفتا پایز لە ئاگری دۆزەخ دوور دەخاتەوە، بەڵام ڕۆژ و هەفتە و مانگ وساڵەکان دێن و تێدەپەڕن بەبێ ئەوەی ئەم سوننەتە گەورە بۆ جارێکیش بێت جێ بەجێ بکەین ..

دەمانزانی هەرکەسێك لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە سەردانی نەخۆشێك بکات حەفتا هەزار فریشتە شوێنی ئەو کەسە دەکەون وداوای لێخۆش بوونی بۆ دەکەن لای خوای گەورە، بەڵام جارێکی تر مەخابن ئەو هەموو موسڵمانە نەخۆش دەکەوێت بێ ئەوەی سەردانی کەسێکیشیان بکەین ..

دەمانزانی هەرکەسێك نوێژ لەسەر مردوویەك بکات و شوێن جەنازەکەی بکەوێت تا ئەو کاتەی دەینێژن، ئەوە هێندەی دوو کێوی زەبەلاحی وەك کێوی ئوحود خێری بۆ دەنوسرێت، بەڵام چەندان هەفتە بەسەرماندا گوزەر دەکات بۆ جارێکیش بێت سەردانی گۆرستان ناکەین بۆ ئەوەی بەلایەنی کەمەوە مردنمان بیر بکەوێتەوە ..

دەمانزانی هەرکەسێك مزگەوتیك بۆ خوای گەورە دروست بکات، ئەگەر هێندەی هێلانەی باڵندەیەکیش ببێت، خوای گەورە لە بەرامبەردا ماڵێکی لە بەهەشتدا بۆ دروست دەکات، بەڵام چەندان مزگەوت بۆ خوای گەورە دروست دەکرێت و ئێمە بە تاکە دینارێکیش بەشداری ناکەین ..

دەمانزانی ئەو کەسەی یارمەتی ئافرەتێکی بێوەژن بدات لە بەخێوکردنی هەتیوەکانیدا، وەك ئەو کەسە وایە لە پێناو خوادا تێدەکۆشێت ورۆژ بەڕۆژوو بێت و شەویش شەو نوێژ بکات، بەڵام مەخابن تا ئێستا بیرمان لەوە نەکردوەتەوە بەخێوکردنی بێوەژن و هەتیوەکانی بگرینە ئەستۆ ..

دەمانزانی هەرکەسێك پیتێك لە قورئانی پیرۆز بخوێنێتەوە، ئەوا لەبەرامبەردا دە چاکەی بۆ دەنوسرێت، بەڵام ڕۆژ و مانگەکان دێن و دەچن و تێدەپەڕن بەسەرماندا و بۆ جارێکیش دەمی موصحەفەکان ناکەینەوە ..

دەمانزانی کە حەجکردنێکی پاکوپوخت پاداشتەکەی بەهەشتی نەبڕاوەیە و حاجی پاش حەجکردنەکەی وەك منداڵی تازە لەدایك بووی لێ دێتەوە و پاك دەبێتەوە لەتاوانەکانی، بەڵام زۆرێکیمان کە توانای دارایی وجەستەیشی هەیە هەر بیر لە بەجێگەیاندنی ئەو ئەرك وفەریزەیە ناکەینەوە ..

دەمانزانی کە شەرەفی مرۆڤی باوەڕدار ئەوەیە هەستێت بۆ شەو نوێژکردن، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) و هاوەڵانی بەریز بەدرێژایی تەمەنیان کەمتەرخەمیان نەکردووە لەم

پەرستنەدا، لەگەڵ ئەوەی كە ژیانی دونیا و تێكۆشان لەپێناو خوای گەورە ومافی خێزان و منداڵەكانیشیان پشتگوێ نەدەخست، بەڵام ئێمە بەراستی زۆر بێخەم و كەمتەرخەمین لە زیندوو كردنەوەی ئەم عیبادەتەدا ئەگەر مانگی یەكجاریش بێت ..

دەمانزانی كە ڕۆژی دوایی هەر دێت و زۆریش بێگومان بووین لە هاتنی، وە دەمانزانی كە زیندوو دەكرێینەوە و جارێكی تر لەگۆڕەكانمان دێینە دەرەوە، بەڵام هیچ خۆمان بۆ ئەو ڕۆژە ئامادە نەكرد ..

بەدەستی خۆمان مردووەكانمان دەناشت و نوێژمان لەسەریان دەكرد، بەڵام بۆ ڕۆژێكی وەك ئەم ڕۆژەی تێی كەوتوین خۆمان ئامادە نەكرد، وەك ئەوەی پێپان ڕاگەیاند بین كە مردن بۆ ئێمە نیە، بەڵام پێی گەیشتین ..

جا بۆیە خوشكی بەرێزم، برای ئازیزم چاك بزانە لەگەڵ هەر هەناسە دانێكماندا ساتێك لە مردن نزیكتر دەكەوینەوە، بۆیە دەبێت لە خەمی توێشوو كۆكردنەوەدا بین بۆ ئەو ڕۆژەی ئەگەر تەواوی ماڵو سامانی دونیا هی تۆ بێت لەو ڕۆژەدا وبیدەیت لە پێناوی خوادا سوودی تۆزقاڵە زەڕەیەكی نابێت،، بۆیە كاتی ئەوە هاتوو لەمڕۆوە شێوازی ژیانمان بگۆڕین و لەبیر ئەوەدابین كە چۆن خوا لەخۆمان ڕازی بكەین، چونكە هەركەسێك بتوانێت پەروەردگار لەخۆی ڕازی بكات ئەوە سەرفرازی دونیا و دوارۆژە ..

كاتی ئەوە هاتووە لەم ساتە بەدواوە شێوازی ژیانمان بگۆڕین ولە خەمی خۆ ئامادەكردندا بین بۆ ڕۆژگارێك كە لێپرسنەوەی وورد ودرشتی ژیانمان لێدەكرێت، ڕۆژگارێك كە وەك قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ﴿يَوْمَ يَفِرُّ ٱلْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ * وَأُمِّهِۦ وَأَبِيهِ * وَصَٰحِبَتِهِۦ وَبَنِيهِ﴾ [ سورەتی عبس : 34 -36 ] .

واتا : ئەو ڕۆژە (هێندە سامناكە) مرۆڤ لە برا و لەدایك ولە باوك ولە هاوڕسەر وكوڕ و كچی خۆی ڕادەكات، چونكە هەركەسێك لەو ڕۆژەدا سەرگەرمی كێشەی خۆیەتی ونایپەرژێت لە خزم وكەسەكانی بپرسێتەوە .

خۆشبەختی بۆ ئەو کەسەی ئەم چەند دێرە دەخوێنێتەوە و پەند وئامۆژگاری لێوەردەگرێت ودەیکاتە ئەڵقەیەك وهەمیشە لەگوێیدا دەزرنگێتەوە، تا ئەو ساتەی بەڕووی سپیەوە دەگەرێنەوە بەر داداگادی خوای گەورە و میهرەبان ...

خوایە ڕوومان سپی بکەیت لەو ڕۆژەی کە ڕوخسار و ڕومەتگەلیك هەن ڕەش ودیز دەبن ..

وصلی الله وسلم علی سیدنا محمد وعلی آله وصحبه وسلم ..